# لەسەر ئازادی رادەربڕین بەڕێوەبەری نوسینی خوێندنی لیبراڵ فەسڵکرا

کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی وریا حەمەتاهیر بەڕێوەبەری نوسنی رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ و خوێندکاری قۆناغی چواری بەشی راگەیاندنی فەسڵکرد بۆ ماوەی دوو هەفتە لەبەر ئەوەی وتبووی مامۆستایانی بەشەی راگەیاندن نازانن چۆن دەرس دەڵێنەوە.

رۆژی 4/10 بەبڕیاری ژمارە 714/29/7 و تیایدا هاتووە "لەبەرامبەر رەفتاری ناشیاوی بەرامبەر مامۆستایانی بەشی راگەیاندن" فەسڵکراوە.

لەو بایەوە وریا حەمە تاهیر وتی"رۆژی 4/2 مامۆستای وانەی کۆمونیکەیشن پێی وتم تۆ وەك کەسێك لەو رۆژنامەیە خۆت ئامادە بکە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە بدەوە لەوانەی کۆمونیکەیشندا لەسەر یەکێك لەو هەواڵانەی کەلەژمارە 87 بلاْومانکردبوویەوە".

وریا وتی"لەکاتی موناقەشەدا پێی وتم زۆر سەیرە ئێوە کەلەروانگەی مۆردنەوە کاردەکەن و بەهاو دابونەریتی کۆمەڵگاتان بەلاوە گرنگە، منیش وتم من پێم سەیرە مامۆستایەکی بەشی راگەیاندن پێی وابێ مۆدێرنە ئەوەیە کەڕێز لەبەهاو دابونەریتەکانی کۆمەڵگا نەگریتو ئیتر ئەو هەڵچوو وتی ئێوە هیچ لەمۆدێرنەو سەحافە نازانن منیش وتم نەخێر مامۆستایانی بەشی راگەیاندن نازانن چۆن بەها هەواڵیەکان دەڵێنەوە".

لەسەر ئەو قسەیە مامۆستا سادق مامۆستای وانەی کۆمونیکەیشن لەبەشی ناوبراو کێشەکە بەرزدەکاتەوە بۆ لیژنەی ئینزیباتی کۆلێژو ئەوانیش بڕیاری فەسڵکردنی دەدەن.

وریا وتی"بڕیارەکە زۆر ناعادیلانەیە، چونکە من وەکە بەڕێوەبەری نوسینی رۆژنامەکە قسەم کردووەو وەك خوێندکار قسەم نەکردووەو لەسەر داوای مامۆستا خۆی، کەچی وەك خوێندکار مامەڵەیانم لەگەڵ کردمو ئەو بڕیارە نادادپەروەرانەیان داوە".

وریا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئێستا لەڕێگەی پارێزەری رۆژنامەکەیانەوە خەریکی داواکردنی تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکەو کۆکردنەوەی پشتگیرین لەکێشەکە.

ناوبراو وتی"پێم سەیرە بەشی راگەیاندن ئاوا مامەڵە لەگەڵ ئازادی رادەبڕینو رۆژنامەوانیدا دەکەن".

خوێندنی لیبراڵ رۆژنامەیەکی ئەهلی خوێندکارییە دوو هەفتەجارێك دەردەچێت. یەکەم ژمارەی لە مانگە 10ی 2002 دەرچووە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارەیەوە 07701914734